# ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەری ژمارە 2

ڕۆژی چوار شەممە 2005 /09/21 وەفدێكی دەستەی داكۆكی كە پیك هاتبوو لە (ئاسۆ كمال ، پارێزەر نازەنین، نوزاد بابان ، رحمان غریب و علی مولود وە نوینەری شۆفیرەكانی سلیمانی) كۆبونەوەیان لەگەڵ ئەنجومەنی پاریزگای سلیمانی دا كرد و دوای گفتوگۆ لەسەر داخوازیەكانی خەلكی شار و یاداشتنامەكە ، ئاسۆ كمال وەك بەرپرسی وەفدی دەستەكە نەخشەی كاكردنیكی خستە بەردەم ئەنجومەن بۆ بریاردان لەسەری تاكو رۆژی چوارشەممەی داهاتوو وە كۆتایی هینان بە چاوەروانیەك كە لەم شیوەمامەلەیەیەی دەسەلاتداران دەیكەن بە خواستەكانی خەلكی شاری سلیمانیەیەوە.

ڕۆژی شەممە 2005 /09/24 نوێنەرانی دەستەی داكۆكی ( ئاسۆ كمال ، علی مولود و نوزاد بابان)لە داخوازییەكانی خەڵكی شاری سلێمانی سەردانی شارۆچكەی زەرایەنیان كرد و چاویان كەوت بە نوێنەری دەستەی توێژە جیاجیاكانی شارۆچكەی زەرایەن.سەبارەت بە كاری سەراسەری و هاوبەش و هەنگاوەكانی دەستەی زەرایەن بۆ سازدانی كۆبونەوەی گشتی قسەیان كرد.

هەروەها هەمان نوێنەرانی دەستەی داكۆكی ( ئاسۆ كمال ، علی مولود و نوزاد بابان)سەردانی ئەو ماڵانەیان كرد كە نیشتەجێی تانجەرۆن و هێرشی دەسەلاتدارانیان بۆ سەر ئەوان كە ڕۆژی 5شەممە دووخانویان ڕوخاندون و هەڕەشەی ڕوخاندنی خانووی زیاتریان كردون بەتوندی مەحكوم كرد.لەسەر چۆنیەتی بەرپەرچدانەوەی ئەم هێرشانە و كۆبونەوەی ئەو 150 ماڵەی لەوێ نیشتەجێن قسەیان كردوو و ئامادەیی هاوكاری دەستەی داكۆكیان بۆ دەربڕین.

هەورەها سەعات ئیوارەی هەمان ڕۆژ مێز و لافیتە و بەیانەكانی دەستەكە لە بەردەركی سەرای شاری سلێمانی دانرا و زیاتر لە هەزار بەیان و بانگەوازی دەستەكە بلاوكرانەوە و ناونوسی دەیان كەس كرا بۆ بەشداری و پشتیوانی لە دەستەكە و قسە لەگەل خەڵكی گەرەك و دائیرە و خویندنگاكان كرا بۆ دروستكردنی لیژنەی گەرەك و شوینەكانیان و پەیوەست بوون بەدەستەكە وخۆئامادەكردن بۆ ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو. شایانی باسە هەموو ئیوارەیەك ئەم چالاكیانە لەبەر سەرا تا ڕۆژی چوارشەممە بەردەوام دەبێت.

## دەستەی داكۆكی لە داخوازییەكانی خەڵكی شاری سلێمانی

2005/09/25

**Tel :07701570050 , 07702122835 , 07701427117**
**Asokamal1@ol.com**